# چارەسەری پرسی کورد لەنێوان ڕامانی عەبدوڵا گویل و بایدەمیردا





کێشەی کورد لە ڕۆژەڤی سیاسی تورکیاو وڵاتانی یەکێتیی ئەوروپادا گەورەتر بۆتەوە، ئەمەش وایکردووە کە ئیدی دەستەڵاتدارانی ئەنکارا نەتوانن چاویان لە مەزنبوونی پرسی کورد دابخەن وبە سەرپێی باسی لێوە بکەن.

لە ڕۆژانی ڕابردوودا عەبدوڵا گویل سەرکۆماری تورکیا خواستی خۆی بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەی کورد لە وڵاتەکەی خۆیا کردو ڕایگەیاند کە ئەو دەخوازێ بەر لە پرۆسەی هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمان چارەسەر بکرێ.

سەرکۆماری تورکیا بە ڕۆژنامەوانانی گوتبوو کە نابێ چارەسەرکردنی پرسی کورد بۆ دوای هەڵبژاردن بهێڵرێتەوە. ئەو لێدوانەی گویل چەندین لێکدانەوەی جۆراوجۆر هەڵدەگرێ هەندێکیش بە وەڵامدانەوەی ئۆسمان بایدەمیری دەزانن، چونکە ئێستا بایدەمیر وەک سیاسەتوان و ڕێبەرێکی گەورە پێوانەی بۆ دەکرێ و خەریکە ناوبانگێکی بەرفراوانی جیهانیش مسۆگەر دەکات.

عەبدوڵا گویل گوتبووی کە پرسی کورد پرسێکی هەنووکەیی و ڕۆژەڤە، بۆیە ئەوان دەیانەوێ بێ گیرۆکردن و بەر لە هەڵبژاردن چارەسەر بکرێ.

هەڵبەت هەڵبژاردنی داهاتوو بۆ پارتی دادوگەشەپێدان وەک تاقیکردنەوەیەکی هەرە گرنگ و وێستەیێکی پڕبایەخ خۆی دەنوێنێ، ئەگەر حکومەت بەر لە هەڵبژاردن هەنگاوی کردەیی بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لە تورکیا هەڵبگرێتەوە، لەوانەیە تای تەراوزی دەنگ باشتر بەلای پارتی دادوگەشەپێدان بشکێتەوە، بەڵام ئەگەر خۆگنخاندن و خۆدزینەوە درێژەی پێبدرێ، ئەمجارەیان نەک هەر لە شارەکانی باکووری کوردستاندا شکست دەخۆن، بەڵکو لە شارەکانی دیکەش دەدۆڕێن و گلۆرەیان ڕووی لە لێژی دەکات.

چاودێرانی سیاسی پێیانوایە کە ئەمجارەیان پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) زۆر لێزانانە تۆپەکەی بەرەو گۆلی تورکیا هەڵداوە، ئەگەر بەرپرسانی تورک لاملی بکەن، ئیدی گۆلیان لێدەکرێ و کورد دەیباتەوە، هەربۆیەش سەرکردەکانی پارتی دادوگەشەپێدان دەیانەوێ خێراتر هەنگاو هەڵبگرنەوەو بۆ بەرژەوەندی خۆیان بیگێڕنەوەو ڕێ نەدەن سیاسەتمەدارانی پارتی ئاشتی و دیموکراتی گرەوەکە ببەنەوە.

مێدیاکانی تورکیاو جیهان، چاودێرانی سیاسی نێودەوڵەتی زۆر بە باشی ڕۆڵی ئۆسمان بایدەمێر سەرۆکی شارەوانی شاری دیاربەکرد هەڵدەسەنگێنن و پەسنی هەنگاوەکانی دەکەن، تەنانەت هەندێک پێیانوایە کە بایدەمێر لە داهاتوودا ڕۆڵی یەکلاکەرەوە دەگێڕێ، هەر ڕامان و بۆچوونەکانی ئەویشە کە پارتی کرێکارانی کوردستانی ناچار کردوە کە درێژە بە ئاگربڕ بدەن، وەک دەڵێ با چەک بێدەنگ بێ و زمانی دانوستاندن و پەسندکردنی کوردان سەرپشک بکرێ.

بایدەمیر هەنگاوی شارستانیانەو سەردەمانە هەڵدەگرێتەوە، بەرپرسانی تورکیا ناتوانن بە چاوی بەرپرسانی پارتی کرێکارانی کوردستان لێیبڕوانن، چونکە ئۆسمان بایدەمیر باس لە بێدەنگبوونی چەک دەکات، هەڵمەتی بە کوردی کردنی فێرگەکان و هەڵواسینی تابلۆکان بە کوردی دەکات، کە ئەوانەش هیچ ناکۆکی لەگەڵ یاساکانی یەکێتیی ئەوروپادا نیە، بەڵکو پارێزگاری کردنە لە مافەکانی مرۆڤ کە ڕێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان و ڕێکخراوەکانی دیکەی نێودەوڵەتی بڕیاریان لەسەر داوە.

ئۆسمان بایدەمیر زۆر ژیرانە هەنگاو هەڵدەگرێتەوە، هەربۆیەش نەک تەنیا پارتی دادوگەشەپیدان، بەڵکو پارتی کۆماری گەل کە کەمال کلیچدارئۆغلۆ سەرۆکایەتی دەکات چاویان بە سیاسەتەکانی خۆیاندا خشاندۆتەوە، بەپەلە سەردانی دیاربەکرو ڕوحای کرد، واتە خۆی گەیاندە شارەکانی کوردنشین بۆ ئەوەی پێیانبڵێ کە سیاسەتی پارتی کۆماری گەل 'جەهەپە' گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و خۆی لە پرسی کورد نزیک دەکاتەوەو هەوڵی چارەسەکردنی دەدات.

وێڕای ئەوەی کە تورکە تۆرانیەکان و پارتە ڕەگەزپەرستەکانی دیکەی تورکیا هەوڵی گەڕانەوە بۆ دواوە دەدەن و دەیانەوێ وەکو جاران ڕەفتار لەگەڵ پرسی کورددا بکەن و بە ئاگر و ئاسن وەڵامی داخوازیەکان بدەنەوە، بەڵام بەهۆی گۆڕانکاریە خێراکانی جیهان و پێشکەوتنەکانی خەباتی نەتەوەیی و خۆگونجاندن لەگەڵ خواستەکانی سەردەم، ئیدی دۆزی کورد لە تورکیا زۆر گەورە بۆتەوەو شیمانەی گێڕانەوە بۆ دواوەی لێناکرێ.

هەرچەندە کە دەوڵەتی تورکیا جیاوازییێکی ئەوتۆ لەنیوان پارتی ئاشتی و دیموکراتی BDP و پارتی کرێکارانی کوردستان PKK ناکات، بەڵام کە بۆچوونەکان هەڵدەسەنگێنی، بۆی دەردەکەوێ کە واقیعبینی زۆر لە ڕامانەکانی پارتی ئاشتی و دیموکراتیدا خۆیا دەبن و دەستپێشخەریەکانی ئۆجەلانیش هاوکارو هاودەنگ و کاریگەرن.

ئەگەر پرسی کورد لە تورکیا چارەسەر بکرێ، کوردو تورک بە ئەندازەیەکی زۆر قازانج دەکەن، لەوانەیە تورک لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا زیاتر سوودی لێوەربگرێ و سەنگایی خۆی هەورازتر هەڵبکێشێ.



**سەردار محەمەد**

sardar_mehnaz@yahoo.com

# تیرۆر هەڕەشە لە وڵاتانی تیرۆرپەروەر دەکات



جاران هەردوو وڵاتی عەرەبستانی سعودی و پاکستان بە پاساوی جەنگ لە دژی کۆمۆنیست و کافرانەوە شانەو ڕێکخراوی تیرۆریستیان پەروەردە دەکرد و ڕەوانەی ئەفغانستان و وڵاتانی دیکەیان دەکردو وایان بڵاو دەکردەوە کە لە ڕێی خوداو پەخشکردنی پەیامی ئیسلامدا هاوکاری موجاهیدین دەکەن، بەڵام ئەمڕۆ ئەو وڵاتانە خۆیان گیرۆدەی دەستی تیرۆرن و خەریکە هەترەشیان دەچێ.

ڕەوشی توندڕۆیی و تیرۆر لە پاکستان لە ئاستی هەرە باڵادایە، نەک حکومەتی پاکستان، بەڵکو ئەمریکاو هاوپەیمانانیشی بۆیان کۆنترۆڵ ناکرێ، وەزیرستان و باجورو چەندین هەرێمی دیکەی ئەو وڵاتە بوونەتە مۆڵگەی تیرۆریستان و هێزەکانی دەوڵەتیش ناتوانێ دەریانپەڕێنێ. هەروەها عەرەبستانی سعودیش لە دەست تیرۆر وەزاڵە هاتووە، ڕۆژانە لە ڕێی مێدیاکانەوە باس لە ئاشکرابوونی شانەی چەکداری گروپی ئەلقاعیدەو ڕێکخراوی توندڕۆی دیکە دەکات. لە کاتێکدا کە ڕێکخراوی ئەلقاعیدە گروپە توندڕۆکانی دیکەی جیهانی ئیسلامی هەر هەموویان لەژێر دەستی موخابەراتی سعودیەو پاکستان پەروەردەکراون و گۆشکراون و بۆ جیهاد ئامادە و بارهێنراون، هەر ئەوانیش لە ڕووی داراییەوە هاوکاریان دەکردن.

زۆر لە مێژە کورد گوتویەتی ئەوەی چاڵ بۆ دیتران هەڵبکەنێ، خۆی تێدەکەوێ. ئەو چاڵەی کە عەرەبستانی سعودی و پاکستان بۆ وڵاتانی دیکە هەڵیانکەندبوو، ئێستا خۆیان تێی کەوتوون.

تیرۆر لە دیاردەیەکی ناوچەیی و هەرێمایەتی دەرچووە، ئێستا بەجیهانی بووەو هەڕەشە لە هەموو واتان دەکات بە وڵاتانی تیرۆرپەروەریشەوە.

شانە نووستوەکانی تیرۆر کە لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا خەوێندرابوون، ئێستا هۆشیار بوونەتەوە، ئێستا وڵاتانی کۆمۆنیست نەماون، بەڵام دەبینن کە دەستەڵاتدارانی وڵاتانی ئیسلامی پێچەوانەی ئەو پەیامە کار دەکەن کە خۆیان خەڵکیان پێ گۆش دەکرد، ئێستا وڵاتانی تیرۆروەروەر نیشانەی ئەو دەستەڵاتانەیان تێدا کۆبۆتەوە کە پێشان بە کافرو لادەریان دادەنان، کەواتە تیرۆریستان ناهەق نین کە بەرۆکی مامۆستایانی خۆیان گرتۆتەوە، ئەوان گروپە تیرۆریستەکانیان وا پەروەردە دەکرد کە گوایە ئەگەر لە شوێنێکدا هێزی داگیرکار هەبوو، لەهەر جێگەیەک مەی فرۆشرا و مەی خورایەوەو قومارخانە کرایەوە، ئەگەر ژنان جلی کورتیان لەبەرکرد و چوونە فێرگە، ئەگەر ژنان سەیارە لێبخوڕن و بەتەنیا سەفەر بکەن، واتای ئەوەیە کە لە دینی خوا لایان داوە و دەبێ جیهادیان لە دژدا بکرێ.

ئێستا وڵاتانی تیرۆرپەروەر لەو دیاردانەی کە باسکران زۆر هەورازتر هەڵکشاون، بۆیە بە فتوای پێشووی خۆیان بەرۆکیان دەگیرێ و لێیان دەکوژرێ و جیهادیان لەدژدا دەکرێ.

بەگوێرەی سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان دیاردەی نێربازی، مەی نۆشین و کۆڕی شەوانەی میرو شازادەکانی عەرەبستانی سعودی زۆر لە گازینۆو مەیخانەکانی ئەوروپا گەرمترو ڕازاوەترن. دەگوترێ کە سەماکەرو ژنانی لەشفرۆش لە وڵاتانی دیکەوە دەهێنرێنە ئەو وڵاتانەی کە فتوایان دژ بە دیتران دەردەکرد و خوێنی ئەوانیان حەڵاڵ دەکرد.

با چاوەڕوان بین و بزانین وڵاتانی تیرۆرپەروەر بە چ شێوەیەک داکۆکی و پارێزگاری لە خۆیان دەکەن و بەلای تیرۆر لە کۆڵ خۆیان دەکەنەوە.

**هندرێن کاکەمورادا**

# تاریق عەزیز لە هەڵواسین ڕزگاری دەبێت



دادگەی باڵای تاوان لە عێراق لە 26 ی ئۆکتۆبەردا بە تاوانی بەشداریکردن لە ڕەشبگیری و لەناوبردنی ئەندامانی حزبی دەعوەی ئیسلامی، بڕیاری لە سێدارەدانی بەسەر تارق عەزیز، جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری دەرەوەی عیراق لە سەردەمی سەدام حوسێنی دیکتاتۆری پێشوی عێراق دا، سەپاند، بەڵام جێبەجێکردنی بڕیارەکە پێویست بە واژۆی سەرکۆمار یان جێگرەکانی دەکات. لەو بارەیەوە سەرۆک تاڵەبانی لە سەروبەندی کۆبونەوەی ساڵانەی ئینتەرناسیۆنال سۆسیالیست دا لە پاریسی پێتەختی فەرەنسا لە دیمانەیەکیدا ڕایگەیاند کە بڕیاری لە سێدارەدانی تارق عەزیز ئیمزا ناکات.

سەرۆک تاڵەبانی وەک کەسێکی سۆسیال دیموکرات باوەڕی بە سزای لەسێدارەدان نیە، لەلایەکی دیکەشەوە تاریق عەزیز لە سەرووی حەفتا ساڵیدایە، بەگوێرەی یاسای نێونەتەوەیی نابێ سزای لەسێدارەدان و هەڵواسین بەسەر کەسانی بەساڵاچوودا جێبەجێ بکرێ.

لەوانەیە ئەگەر سزاکەش جێبەجێ نەکرێ، بەڵام تاریق عەزیز تا کۆتایی ژیانی هەر لە زینداندا بمێنێتەوە، کەچی ئێستا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و جیهانی کریستیانی و کەسوکارەکەیدا هەوڵ بۆ ئازادکردنی دەکرێ.

تاریق عەزیز وەک هەر بەرپرسێکی دیکەی ڕژێمی بەعس لە تاوانبارەو پشکی گەورەی لەو تاوانانە بەردەکەوێ کە بەسەر گەلانی عێراقدا هاتوون، بەڵام تاکە مەسیحییێکە کە بەو شێوەیە پشتیوانی لە سیاسەتەکانی سەدام حوسێن دا کردبێ و پۆستی باڵا و گرنگی لە حکومەتی بەعسدا پێدرابێ.

تاریق عەزیزو بنەماڵەکەی زۆر شادومانن کە سەرۆک تاڵەبانی ڕایگەیاندوە کە واژۆ لەسەر هەڵواسینی ناکات، بەوهۆیە خۆیان بە قەرزاری دەزانن و هەڵوێستەکەیشی بە ئازایانەو مرۆڤدۆستانەو کوردانە لێکدەدەنەوە.

ئێستا حکومەتی عێراق لەدەست حزبی دەعوەدایە، واتە ئەو حزبەی کە تاریق عەزیزی بە تۆمەت و تاوانی کوشتنی ئەندامانی ئەو سزای لەسێدارەدانی بۆ بڕاوەتەوە.

پرسی لە سێدارەدانی تاریق عەزیز لە کاتێکدایە کە کریستیانەکانی عێراق لەژێر هەڕەشەدان و گیانیان لەمەترسی دایە، هەربۆیەش لەلایەن سەرۆکی کوردستان و بەرپرسانی کوردستانەوە دەرگەی هەرێمیان بۆ ئاوەڵاکراوە، تەنانەت سەرۆک تاڵەبانی خوازیارە کە پارێزگایێکی تایبەتیان بۆ پێکبهێندرێ، هەرچی حزب و ڕێکخراوە مەسیحیەکانیشن دەخوازن کە ناوچەیێکی ئۆتۆنۆمیداریان لە پارێزگای موسڵ بۆ دیاری بکرێ.

ئێستا پرسی چارەسەرکردنی مەسیحیەکانی عێراق و پارێزگاری لێکردنیان زۆر لە پرسی هەڵواسین و لەسێدارەدانی تاریق عەزیز گەورەترە، بۆیە هەقوایە کە کە وڵاتانی ڕۆژئاوا گوشار لە حکومەتی عێڕاق بکەن تا ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمیداریان بۆ دروست بکرێ، باشتریش وایە ئەو ناوچەیە بخرێتە سەر هەرێمی کوردستان، هەروەک پێشتریش هەندێک لە هێزە سیاسیەکانی کلدانی، ئاسوری، ئاشوری داوایان دەکرد.

**سیامەند عەلی**